## کۆرەک + ئاسیا سێل = حکوومەتی یەک نەگرتوو ... دلشاد عبدالكريم

بە ماوەیەکی کەم پاش رێکەوتنی هەردوو پارت، دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی و پێکهێنانەوەی پەرلەمانی کوردستان، لەگەل چەند برادەرێك دانیشتبووم و گەرمەی وت و وێژمان لەسەر پیرۆزیی ئەو هەنگاوەو یەکگرتنەوەی ماڵی کورد بوو و زۆر بە دلخۆشیەوە باسی یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەو پێکهێنانی حکومەتی یەگرتوومان دەکرد. وتو وێژەکانمان زۆر خۆش بوو و پربوو لە هیواو ئاوات و حەزی خەلکی سەر شەقام کە بەو پەری دلسافی و بێگەردیەوە دەروانە رووداوەکان و نازانن هەگبەی ئەو حزبانەو بەرپرسەکانیان چی تێدایە. لەو کاتەدا پیرەمێردێك هات وتی ئەری کورینە ئاسیا سێل و کۆرەك یەکیان گرتەوە؟. یەکی لەو برادەرانەی لە گەلماندا دانیشتبوو و ئاگاداری ئەو مەسەلەیە بوو وتی نەخێر مامە گیان.

پیرەمێردەکە وتی کەواتە یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەکەش فت.

لە وەلامی ئەو پیرەمێردە زۆر سەرم سوڕما. یەك نەگرتنەوەی دوو کۆمپانیا چ هەقێکی بە یەك نەگرتنەوەی دوو ئیدارەکەو پێکهێنانی حکومەتی کوردستانەوە هەیە! باشە گریمان خاوەنی ئەو دوو کۆمپانیایە سەرمایەدارن، بەلام سەرمایەداری نیشتمانین و بەرژەوەندی سەرمایەداری نیشتمانیش لە دامەزراندنی دەولەت و پێکهێنانی بازاری گەورەدایە چونکە سەرمایەکەی باشتر دەگەری و سوودو قازانجی زیاتر دەبی. من هەر لەنێو ئەو بۆچوونانەی خۆمدا شەنم دەکرد و بنیاتی یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەم بە زووترین کات دەکرد چونکە دەزانم ئەوە لە ئەرکە نیشتمانیە بە پەلەکانەو دواخستنی هەرگیز قبوول ناکری. سەرێکی لەقاند و بەدڵنیاییەکی زۆرەوە بە برادەرەکانم وت: لەبۆ خاتری ئەو مامە پیرەیە ئەودوو کۆمپانیاش بەم زوانە یەك دەگرنەوە.

مانگ هات و تێپەری و سالێش تێپەری بەسەر کۆبوونەوەی یەکەمی پەرلەمانی کوردستان کەچی هەردوو ئیدارە هەر یەکیان نەگرتەوەو تا دەهاتیش لەناو خەلکی سەر شەقام قسەی مامە پیرەکە بلاوتر باس دەکرا، (بەخوا برا تا ئەو دوو کۆمپانیایە یەك نەگرن حکومەت پێك ناهێنری!) . بەراستی منیش وازم لە راو بۆچوونەکانم هێناو قسەی مامە پیرەکە وردە وردە مێشکی داگیر کردم و کەوتمە سۆراخی هەواڵی ئەو دوو کۆمپانیایە. کە دەمبینی لە ناو هەولێرو دەوروبەری تاوەرەکانی ئاسیا سێل دادەنرێن دلّم خۆش دەبوو و کۆبوونەوەی بەرپرسانی هەردوو کۆمپانیام بە کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی هەردوو حزب دەزانی. کە دەیانگوت هەردوو کۆمپانیا ئەمرۆ کۆبوونەوەیان هەیە وام دەزانی لە چەند رۆژێکی نزیکدا حکوومەتی یەکگرتووی کوردستان رادەگەیەنری. بەلام جارێکی تر ئەو هاوکێشەیەم لی تێکچووەوە کاتێك هەردوو ئیدارە یەکیان گرتەوەو حکوومەتی کوردستان پێك هێنرا کەچی لە هەولێردا کۆڕەك و ئاسیا هەر مشت و مڕیان بوو و نە دەگەیشتن بە یەك. گەڕامەوە سەر راو بۆچوونەکانی جارانم و وتم حکوومەتی هاوبەش واتە بازاڕی هاوبەش و ئەمرۆش سیستەمی بازار لە کوردستاندا ئازادەو بە پێی یاسا ئاسیا سێلیش کار دەکات و ئیدی لە گەڵ دانیشتوانی کەرکووکیش یەك دەگرینەوەو لە دوو سیم کارت واتە دوو ئیدارە رزگارمان دەبی. بەلام ئەمجارەش هەستم کرد بە هەڵەدا چوومەو کە بە مەسەلەکاندا چوومەوە بینیم پەیوەندیی تەلەفۆنیمان بە دوو سیم کارتەو بازارمان هەرگیز ئازاد نیە. کەواتە حکوومەتیشمان هەرگیز یەکگرتوو نیە!!